{ بڕۆن و کڵێسای مەسیح بونیاد بنێن }

ڕێبەری هەشتەم

بۆ ڕابەرانی کۆمەڵەکان

{ پێشەکی }

کڵێسا چی یە ؟

کڵێسا بە چەمکە خۆماڵییەکەی واتە کۆمەڵێ لە باوەڕداران بە مەسیح ئەوانەی کە پێکەوە لە یەکێك لە ماڵەکاندا کۆدەبنەوە (ڕۆما ١٦ : ٥) یان لە یەکێك لە شارەکاندا (١ کۆرنسۆس ١ : ٢) . بەڵام بە چەمکە فراوانەکەی واتە جەستەی مەسیح (ئەفەسۆس ١ : ٢٢ - ٢٣) ، هەموو باوەڕداران بە مەسیح ئەندامن لە ئەم جەستەیەدا (١ کۆرنسۆس ١٢ : ١٢) . وە کڵێسا ماڵێکی ڕۆحیە و هەر ئەندامێك بە بەردێکی زیندوو تێیدا هەژمار دەکرێ (١ پەترۆس ٢ : ٥) یاخود شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕۆحی خودایە (ئەفەسۆس ٢ : ٢١-٢٢) . وە کڵێسا ماڵ و خێزانی خودایە (ئەفەسۆس ٢ : ١٩) . لەناو ئەم خێزانەدا خودا باوکێکی خۆشەویستەو گرنگی دەدات بە هەمووئەو باوەڕدارانەی کە پێکەوە پەیوەستن لە خوشکان و برایان . وە کڵێسا مێگەلەو دوای شوانەکەی کەوتوە کە لە پێشیانەوە دەڕوات (١ پەترۆس ٥ : ٢ هەروەها بڕوانە ٢ : ٢٥ ، ٥ : ٤) کڵێسا گەلێکی پیرۆزەو پێکهاتوون لە خەڵکانێك کە خودا لە نێو هەموو نەتەوەو گەلانی جیهاندا هەڵیبژاردوون (١ پەترۆس٢ :٩-١٠) . کڵێسا گوزارشی دیمەنێکە لە پاشایەتی و مووڵکی خودا لە سەر زەوی (مەتتا ١٣ : ٣٦-٤٣ ، ١٦:١٨-١٩، ٢١:٤٢-٤٤) لەگەڵ ئەوەی هێشتا کڵێسا نەبووە بە قەوارەیەکی کامڵ ، بەڵام دەبێتە بووکی ڕازاوەو کامڵ بۆ خوداوەند لە هاتنەوەی دووەمی مەسیحدا (بینین ٢١ : ١-٢ ، ٩-١٠ هەروەها بڕوانە ١٩ : ٧). لە لایەکی دیکەوە کڵێسا جەنگاوەرە لە جیهاندا، لە کاتێکدا باوەڕداران بە خۆڕاگریەوە بەرپەرچی هێرشە تونەدکانی هێزە نەیارەکان دەدەنەوە (مەتتا ١٦ : ١٨-١٩ ، ئەفەسۆس ٦ : ١٠-١٨، بینین ١٢ : ١٠ : ١٢) . لەلایەکی دیکەوە کڵێسا کڵێسایەکی سەرکەوتوە لە ئاسمان لەکاتێکدا ڕۆحی باوەڕداران ئەوانەی زەویان جێهێشتوە لە ئامادەگی خودادا دەژین (گەڵاتیە ٤ : ٢٦، عیبرانیەکان ١١ : ١٠ ، ١٦ " ١٢:٢٢-٢٤ " ١٣ : ١٤).

{ چۆن کڵێسای مەسیح بونیاد نرا ؟ }

مەسیح کڵێسای خۆی بونیاد دەنێ و دەروازەکانی دۆزەخیش پێی ناوێرێ (مەتتا ١٦: ١٨) ! مەسیح لە سەرەتادا قوتابیەکانی بەکارهێنا بۆ دانانی بناغەی کڵێساکانی مێژوو لە نێوان جولەکەو سامیریەکان و نەتەوەکان (ئەفەسۆس ٢: ٢٠) . ئێستا باوەڕدارە ئاساییەکان بەکاردەهێنێ بۆ بونیادنانی کڵێسای خۆی . مەسیح کڵێساکەی لەسەر ئەو باوەڕدارانە بونیاد دەنێ کە ژیانێکی باوەڕدارانەی تۆکمە دەژین لەسەر شێوەی ژیانی خۆی وە لەسەر ئەو باوەڕدارانەی کە جیاوازن لەیەکتر بە جیاوازی بەهرە ڕۆحیەکانیان و کۆمەڵەکان (ئەفەسۆس ٤: ٧- ١٢) وە کڵێسای خۆی بونیاد دەنێ لە ڕێگەی یارمەتیدانی باوەڕدارە نوێیەکانەوە تاکو گەشە بکەن و ببنە قوتابی و باوەڕدارێکی پێگەیشتوو (ئەفەسۆس ٤ : ١٣- ١٤) ، وە لە ڕێگەی ئامادەکردنی ئەو باوەڕدارانەوە بۆ چەندین جۆری خزمەت بە شێوەی پراکتیزە لە ناوەو دەرەوەی کڵێسادا (ئەفەسۆس ٤: ١٢) ، وە لە ڕێگەی بونیادنانی کۆمەڵگەیەك لەسەر خۆشەویستی و ڕاستی و هاوشێوەی مەسیح و گەشەی بەردەوام (ئەفەسۆس ٤: ١٥- ١٦) . لەم سەردەمەی ئێستاماندا بەرپرسیارێتی بونیادنانی کڵێسای مەسیح لە ئەستۆی سەرجەم باوەڕدارانە بە بێ جیاوازی .

{ ئامانج لەم چوار کتێبەی کە تایبەتە بە ڕابەرانی کۆمەڵەکان لەمەڕ بونیادنانی کڵێسای مەسیح }

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ڕێگەیەکی پراکتیزە لە خۆ دەگرێ بۆ بونیادنانی کڵێسە و هاوکات یارمەتیدەرە بۆ ڕابەری کۆمەڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- هەر یەك لەم چوار کتێبە دوازدە وانە لەخۆ دەگرێ بۆ ڕاهێنان لە بونیادنانی کڵێسا و دەکرێ لە ماوەی سێ مانگدا تەواو بکرێ .

٢- شایەتە سەرەکیەکان یارمەتیدەرن بۆ قوتابیەکان لە زیاتر ناسینی مەسیح و کتێبی پیرۆز و کڵێسا .

٣- ئەو ڕێنماییانەی بە خەتێکی تۆخ نوسراون بۆ وێنە { بخوێنەوە ، ئاشکرای بکە ، وتوێژی لەبارەوە بکە } یارمەتیدەرە بۆ ڕابەری

کۆمەڵەکە لە ڕابەرایەتی کردن. ٤- ڕابەر دەتوانێ وەڵامی کورتی هەموو پرسیارەکان بدۆزێتەوە لە ژێر ناونیشانی تێبینیەکاندا.
٥- ئەم لێکۆڵینەوەیە هەندێ شێوازی پراکتیکی تێدایە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە لە وردبونەوەو لێکۆڵینەوە لە ئینجیلی پیرۆز بە پێی نوسینی یۆحەنا لەسەر ئاستی تاك یان لەگەڵ کۆمەڵەکەدا.
٦- هەر یەك لە وانەکان ئەرکی ماڵەوە لەخۆ دەگرێ و ڕادەستی قوتابی دەکرێ .
٧- هەر قوتابیەك ئارەزومەندە لە بەشداریکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ کەسانی تر زۆر ئاسانە و دەکرێ دوای تەواو بوونی یەکێك لە وانەکان کۆپیەکی پێ بدرێ وەك ڕێبەری تایبەتکراو بە ڕابەرانی کۆمەڵەکان.

نوێژ دەکەین کە خودا کار بکات لە زۆری ڕێژەی کۆمەڵەی باوەڕداران یاخود کڵێساکانی نێو ماڵەکان لە ناوچەکەتاندا بە خێرایی ! مەسیح فەرموی " کۆمەڵەی خۆم بونیاد دەنێم و دەروازەکانی دۆزەخیش پێی ناوێرێ مەتتا ١٦: ١٨ " ! خوداوەند شکۆدار بێ " چونکە هەموو شتەکان لە ئەوەو بە هۆی ئەوەو بۆ ئەوە . تاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە ! ئامین ." ڕۆما ١١: ٣٦.

ناوەڕۆکی ڕێبەری هەشتەم بۆڕابەری کۆمەڵەکان

ئەرکەکانی کڵێساو جێبەجێکردنیان

<u>پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکەم</u>

پرۆگرامێکی هەفتانەیەو ماوەکەی سێ مانگەو هەر هەفتەو دوو کاژێر دەخایەنێت ، کۆمەڵەیەکی بچوک پێکبهێنە بریتی بن لە ٣ بۆ ١٠ کەس هەر وانەیەك بە نوێژ دەست پێدەکات وبە نوێژ و ئەرکی ماڵەوە کۆتایی پێ دێت .

<u>وانەی 37 :</u> بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (یاقوب ١- ٣).
لەبەرکردن (خۆشەویستی زۆر: ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٤- ١٥) .
فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : بەڕێوەبردنی دارایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا) .

وانەی ٣٨ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (یاقوب ٤- ٥ ؛ ١پەترۆس ١- ٢) . لەبەرکردن (لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بکە : پەندەکان ٢٢: ٦) . وانەی کتێب (یۆحەنا 17) .

وانەی 39 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (١پەترۆس ٣: ٥) . لەبەرکردن (بە وشەی خودا فێرکردن پێشکەش بکە : وتەکان ٦: ٦- ٧) . فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : پەیڕەوکردنی تەمێکردن) .

وانەی ٤٠ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (٢پەترۆس 1 – 3 ؛ یەهوزا) . لەبەرکردن (پەروەردە کردنت بە پێی خوداوەند بێت : ئەفەسۆس ٦: ٤) . وانەی کتێب : یۆحەنا 18) .

وانەی 41 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (١یۆحەنا ١- ٣) . لەبەرکردن : خۆشەویستی لەڕێگەی تەمێکردنەوە (پەندەکان ١٣: 24) . فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : جیابونەوەو هاوسەرگیری دوبارە) .

وانەی ٤٢ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (١یۆحەنا ٤- ٥ ؛ ٢یۆحەنا ؛ ٣یۆحەنا). لەبەرکردن : (پێداچونەوەی زنجیرەی ئایەتەکانی لەبەرکردن – دایکوباوکی باوەڕدار) . وانەی کتێب : یۆحەنا 19) .

وانەی ٤٣: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن ١- ٣) . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٦: ٨) . فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : نەخۆشی و چاکبوونەوە) .

وانەی ٤٤: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن ٤- ٧) . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٦: 13) . (وانەی کتێب : یۆحەنا 20) .

وانەی 45 : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن 8- 11) . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٦: 14) . فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : شەیتان و جەنگی ڕۆحیی) .

وانەی ٤٦ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن ١٢- ١٤) . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٧: ١٥) . وانەی کتێب : یۆحەنا ٢١) .

وانەی ٤٧ : بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن ١٥- ١٨) . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٨: ٣٦) . فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : ئازار ودەسەڵاتی خودا).

وانەی ٤٨: بەشداریکردن لە خەڵوەتی ڕۆحی (ئاشکراکردن ١٩- ٢٢) . لەبەرکردن : پێداچونەوەی دوایین پێنج ئایەتی لەبەرکردن لە ئینجیلی یۆحەنا) . وانەی کتێب : پوختەو پێداچونەوەی ئینجیلی یۆحەنا) .

(بەردەوام بە لە گەشەکردن و کۆمەڵەیەکی نوێ دامەزرێنە).

پاشکۆی یەکەم : ڕۆحە خراپەکارەکان و جەنگی ڕۆحیی .

پاشکۆی دوەم : فریشتەو جەنگی ڕۆحیی .

پاشکۆکانی دیکە ڕێگەیەکن بۆ شێوازی چێژ وەرگرتن لە کات بەسەربردن لەگەڵ خودا و لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز و تێرامان لە وشەکانی خودا و لەبەرکردنیان : بڕوانە پاشکۆکان لە کۆتایی ڕێبەری یەکەم بۆ ڕابەری کۆمەڵەکان .

<u>پڕۆگرامی ڕاهێنانی دوەم</u>

پڕۆگرامێکی چڕوپڕە و دەکرێ ڕۆژێکی تەواو و یەکجار لە هەفتەیەکدا بەکاربهێنرێت . یان لە شێوەی کۆنفرانسێکی تایبەت بە ڕاهێنان و ماوەی شەش ڕۆژ بخایەنێت . کۆمەڵە گەورەکان دابەش بکە بۆ چەند کۆمەڵەیەکی بچووک کە بریتی بن لە تەنها ٣ بۆ ١٠ کەس و ڕابەری ڕاهێنراو سەرپەرشتی هەر یەك لەو کۆمەڵانە بکەن .

پڕۆگرامی پێشنیارکراو : ٠٩: ٠٠ – ٠٩: ٣٠ پەرستن وستایش بە کۆمەڵ .

٠٩: ٣٠- ١١: ٠٠ فێرکردن بە کۆمەڵ

١١: ٣٠ – ١٣: ٠٠ وانەی کتێبی پیرۆز بە کۆمەڵ

پشوو

١٦: ٠٠ – ١٧: ٠٠ کاتی دڕێکژکراوە بۆ کۆتایی هێنان بە فێرکردنەکان یان وانەی کتێب یان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یانیش فێرکردنی زیاتر (بەکۆمەڵ)

پشوو

١٧: ٣٠ – ١٧: ٤٥ لەشێوەی گروپی دوانەیی تێڕامان ولەبەرکردن .

١٧: ٤٥- ١٨: ٣٠ بە تەنهایی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا .

١٨: ٣٠- ١٩: ٠٠ خەڵوەتی ڕۆحی بە گروپی دوانەیی (دووبەدوو) .

١٩: ٠٠- ١٩: ٤٥ نوێژو بەشداریکردن (بە کۆمەڵی بچوک کە زیاتر نەبن لە ١٠ کەس) .

ڕۆژی یەکەم : وانەی 37 و 38 نوێژ فێرکردن (خزمەتی کڵێسایی : بەڕێوەبردنی دارایی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا) وانەی کتێبی پیرۆز (یۆحەنا ١٧) لەبەرکردن : ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٤- ١٥ ؛ پەندەکان ٢٢: 6) خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا (یاقوب ١- ٥ ؛ ١پەترۆس ١- ٢ . خەڵوەتی ڕۆحی (گروپی دوانەیی یاقوب 4: 1- 17) بەشداریکردن ونوێژ ---------- ڕۆژی دوەم وانەی 39 و 40	ڕۆژی چوارەم : وانەی 43 و44 نوێژ فێرکردن : خزمەتی کڵێسایی: نەخۆشی و چاکبونەوە . وانەی کتێبی پیرۆز یۆحەنا ٢٠ . لەبەرکردن یۆحەنا ١٦: ٨ ؛ یۆحەنا ١٦: ١٣ . خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز : ئاشکراکردن ١- ٧. خەڵوەتی ڕۆحی (گروپی دوانەیی : ئاشکراکردن ٣ . بەشداریکردن ونوێژ ---------- ڕۆژی پێنجەم : وانەی 45 و46 نوێژ

نوێژ فێرکردن : خزمەتی کڵێسایی: پەیڕەوکردنی تەمێکردن . وانەی کتێبی پیرۆز یۆحەنا ١٨ . لەبەرکردن وتەکان ٦: ٦- ٧ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٤. خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا: ١پەترۆس ٣- ٥ ؛ ٢پەترۆس ١- ٣ ؛ یەهوزا . خەڵوەتی ڕۆحی گروپی دوانەیی ١پەترۆس ٣: ١- ١٧ . بەشداریکردن ونوێژ	فێرکردن : خزمەتی کڵێسایی: شەیتان وجەنگی ڕۆحیی . وانەی کتێبی پیرۆز یۆحەنا ٢١ . لەبەرکردن یۆحەنا ١٦: 14 ؛ یۆحەنا 17: 15 . خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز: ئاشکراکردن 8- 14 . خەڵوەتی ڕۆحی (گروپی دوانەیی ئاشکراکردن ١٢ . نوێژ وبەشداریکردن
----------	----------
ڕۆژی سێ یەم وانەی ٤١ و٤٢ نوێژ فێرکردن : خزمەتی کڵێسایی : جیاوبونەوەو هاوسەرگیری دوبارە. وانەی کتێبی پیرۆز یۆحەنا ١٩ . لەبەرکردن : پەندەکان ١٣: 24 ؛ پێداچونەوەی زنجیرەی تایبەت بە دایکوباوکی باوەڕدار . خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز لە خەڵوەتی ڕۆحیدا ١یۆحەنا ١- ٥ ؛ ٢یۆحەنا ؛ ٣یۆحەنا . خەڵوەتی ڕۆحی گروپی دوانەیی ١یۆحەنا ٣: ١- 24 . بەشداریکردن و نوێژ	ڕۆژی شەشەم : وانەی 47 و 48 نوێژ فێرکردن :خزمەتی کڵێسایی : ئازار و دەسەڵاتی خودا . وانەی کتێبی پیرۆز : پوختەو پێداچونەوەی ئینجیلی یۆحەنا . لەبەرکردن : یۆحەنا ١٨: ٣٦ ؛ پێداچونەوەی پێنج ئایەتەکانی لەبەرکردن لە ئینجیلی یۆحەنا . خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز ئاشکراکردن ١٥- ٢٢ . خەڵوەتی ڕۆحی بە گروپی دوانەیی ئاشکراکردن ٢١: ١- ٤ ؛ ٢٢: ٧- ٢١ . بەشداریکردن ونوێژ